


# پرۆگرامی 3D-Album Commercial Suite تایبەت بە دروستكردنی ئەلبۆمی سێ ڕەهەندی

زۆر جار وێنەیەكی زۆر لەســـەر دیسكتۆپی كۆمپیوتەرەكەت كەڵەكە دەبێت، یان لە یەكێـــك لە فۆلدەرەكاندا خەزن دەكرێت، گەر حـــەز دەكەن وێنەكانتان وەك ئەلبومێكی جـــوان و ســـەرنجڕاكێش رابگرن، پرۆگرامی 3D-Album Commercial Suit دابەزێننە سەر كۆمپیوتەرەكەتان، دیارە هەرچەندە گەلێك پرۆگرامی لەو شێوەیە هەن، بەڵام ئەو پرۆگرامە بەهۆی ئەوەی كە وێنەكانتان دەكاتە ســـێ ڕەهەندی، زۆر سەرنجڕاكێشیشە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانیت جوانترین ئیفێكتی سێ ڕەهەندی، ئیفێكتی دەنگ و وێنەیی لەسەر ئەلبومەكانتان دابنێن، لەو ئەلبومەدا زیاتر لە 110 ســـتایلی ئەلبوم هەیە و دوای دروستكردنی ئەلبومەكە دەكرێ لەسەر DVD خەزن بكەی و لەسەر ئامێری DVD ی ماڵەوە سەیری بكەی.

## IT و گۆڕانكاری لە جیهانی پزیشكیدا

هیچ شـــتێك بەقەد تەكنۆلۆژیای نوێ گۆڕانكاری بەسەر جیهانی پزیشكیدا نەهێناوە، تەكنۆلۆژیای دیجیتالی نوێ بۆتە هۆی ئەوەی كە جیهان تەندروســـت بێ و ســـاڵانە بەر لەمەرگی هەزاران كەس بگرێ و رۆژ لە دوای رۆژ نەخۆشی و پەتا بدۆزێتەوەو چارەسەریشی دستنیشان بكات.

دەرزی لە جیهانی پزیشـــكیدا بۆ هەمووكەس ناسراوە، نە تەنیا منداڵان، زۆر لە گەورەكانیش ترسی لێدانی دەرزی دایان دەگرێ، بەڵام بە داهێنانی ئەو ئامێرەی كـــە لە وێنەكەدا دیارە ئیدی دەرزی لێدان بەو شـــێوەیەی كە هەیە نامێنێ. ئەو دەرزییە لەیزەرییە، كونی زۆر بچووك لە جەستەدا دروست دەكات كە هیچ هەستی پێناكرێ.



## بەفرگر هەنگاوێك بەرەو سیستەمی نوێ





بەفرگر ئەو ئامێرەی كە لەمێژ ســـاڵە لە كونی چێشتخانەكاندا دەبینری، لەو كاتەوەی دروستكراوە، گۆڕانكارییەكی ئەوتـــۆی تێـــدا پێك نەهاتـــووە. بەڵام داهێنەرێكی روسی، نموونەیەكی نوێی لە بەفرگر، هەرچەندە ئامێرەكەی داهێنەرە رووســـیەكە ناكرێ پێی بڵێن بەفرگر و دەكرێ پێی بگوترێ "پارێزەر" كەلوپەلە خۆراكییەكان لە ژێلێكی "جەلی" سەوزدا رادەگرێ. ئەو ئامێرە وەك یەكێك لە 25 ئامێری ســـەركەوتووی ئەمساڵ هاتە ژمار، بەوتەی داهێنەرەكەی راگرتنی كەلەوپەلـــی خۆراكی لەم ئامێرەدا هیچ كاتێك تێك ناچێ.

# گەر یەکجار سەر لە سایتی www.mylookout.com بدەن مۆبایلەکانتان قەد نادزرێن




موبایـــل ئیدی لەمەولا هەر ئامێرێکی پێوەندی گرتـــن نییە بە تەنیا، بگرە پارێزەر و ڕاگری زانیـــاری و داتاکانتانە، کەوایە دەبێ زیاتر ئاگاتان لێی بێ و زیاتر گرنگی بە ڕاگرتنی بدەن، بـــەڵام جار هەیە مۆبایلەکەمان لێ ون دەبێت یان لەلایەن کەسـێکەوە دەدزرێت. لەکاتێکی وادا هیـــچ ڕێگەچارەیەك نییە، تەنانەت کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری مۆبایلیش هیچیان لەدەســت نایەت، بەڵام ئەو ســـایتی www.mylookout.com باشترین پارێزەری مۆبایلەکانتانە، بۆیە پێویســـتە هەموو کەس ســـەردانی بکات. چۆنییەتی بەکارهێنانیشی زۆر ئاسانە. کاتێك ژمارەی خۆت لە ســـایتەکەدا نووسی، دەستبەجێ SMSێکت بۆ دێ، لەو SMSدا لینکی ئەکتیڤ کردن هەیە، بۆیە پێویســـتە بەکارهێنەری مۆبایل لەو کاتەدا هێڵی ئینتەرنێتی هەبێت، پاشـــان لە وێب ســـایتەکەدا دەتوانی مۆبایلەکەتان وا ڕێك بخەن کە گەر سیم کارتێکی دیکەی تێخرا، دەستبەجێ جەرەس لێبدات، کە یەکێك سیم کارتێکی دیکەی دانا، لە سایتەکەدا ژمارەی سیم کارتەکە دەنووسرێ، تەنانەت ئەگەر ئەوکەسەی مۆبایلەکەی هەڵگرتووە، وێنەی پێبگرێ، وێنەکەشی لە سایتەکەدا دادەنرێ. گەر نەتوانی مۆبایلەکەت وەربگرییەوە، دەتوانی هەر لە سایتەکە ڕا هەموو داتاکانی خۆت بسڕیەوە. هەم فیلم و ژمارە تەلەفۆن و وێنەکانت. کەوایە سەر لەو سایتەبدە.

# لە وەرزی هاویندا بەو چەند قۆناغە کۆمپیوتەرەکەت بپارێزە

لـــە وەرزی هاویندا گەرماکە نە تەنیا بۆ مرۆڤ، بگرە بۆ ئامێرەکانیش زیانی زۆرە، کۆمپیوتەر یەکێك لەو ئامێرە دیجیتالیانەیە کە لە هاویندا تووشـــی کێشـــەیەکی زۆر دێت. پسپۆڕانی بواری IT ڕایانوایە هەتا کۆمپیوتەر لە شوێنی گەرم دووربخرێتەوە، تەمەنی ئامرازەکانی زیاتر دەبێت. بەمەبەستی پاراستنی کۆمپیوتەر لە گەرما ئەو چەند قۆناغە ڕەچاو بکەن:

-١ هەموو هەفتە جارێك دەرگای کەیسەکە بکەنەوە و گشت "فەن" واتە پەنکەکانی خاوێن بکەنەوە.

-٢ قەت بە گەسکی کارەبایی و ئەو ئامێرانەی تۆز و خۆڵ پادەکەنەوە، فەنەکان پاك مەکەنەوە. تەنیا بە پارچەیەك خاوێنی بکەنەوە.



-٣ هەتا کۆمپیوتەرەکە شوێنی فەنی زیاتر بێت، لە گەرما باشتر دەپارێزرێت، هەربۆیە لەسەرەتادا لەوە کەیسانە سوود وەربگرن کە چەندین پەنکەی هەیە.

-٤ گـــەر بچووکترین دەنگتان لـــە "فەن"یەکانـــەوە بیســـت، دەســـتبەجێ بزانن هۆکارەکەی چییە.

-٥ گـــەر کۆمپیوتەرەکـــە هەر لەخۆوە ریســـتارت بۆوە، بزانە هۆکارەکەی لـــە "فەن"ـەکانەوە هەیە کـــە ناتوانـــن ئامێرەکان بەتەواوی فێنك بکەنەوە.




# لە خەو هەستە چا ئامادەیە!

چەندە خۆشە بەیانی بەر لەوەی هەستی چا ئامادە کرابێ و پاشـــان کاتژمێرەکە بە ئاوازێکی خۆش هەڵتبستێنێ.. ئەو کاتژمێرەی لە وێنەکەدا دیارە بەرلەوەی کە لەخەو هەڵتبســـتێنێ چایەکە ئامادە دەکات. شـــەو بەرلە نووســـتن چا یان قاوە لـــەو کاتژمێرە چادانە بکە و پڕی کە لە ئاو، ئیدی بە خەیاڵی ئاســـوودە بنـــوو، کاتژمێرەکـــە چەنـــد خولەکێك پێش هەســـتاندن لەخەو چایەکە ئامادە دەکات.



بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008
Email: it @gulan-media.com